ڕێوڕەسمی پێشوازی فەرمی بە سەرۆک وەزیرانی میسر لە کۆشکی حکومەت لە بەغدا دەست پێدەکات

مەراسیمی پێشوازیی فەرمی بە مستەفا مەدبولی، سەرۆکوەزیرانی میسر لەلایەن محەمەد شیعە ئەلسودانی، سەرۆکوەزیرانی میسر لە کۆشکی حکومەت لە بەغدا دەستیپێکرد.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، "مەراسیمی پێشوازییەکە بریتی بوو لە لێدانی سروودی نیشتمانی عێراق و میسر، نمایشکردنی پاسەوانی شەرەف و سڵاوکردن لە ئاڵای هەردوو وڵات".

ئەمڕۆ پێنجشەممە، مستەفا مەدبولی، سەرۆکوەزیرانی میسر بە سەردانێکی فەرمی گەیشتە بەغدای پایتەخت.